سودانی جەخت لەسەر گرنگی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی پلان و پرۆژەکانی ژێرخانی دەکاتەوە

ئەمە پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئکیدیکردەوە: بابل یەکێکە لە پارێزگا گرنگەکان و پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە بە تەواوکردنی پرۆژەی ستراتیژی و گەشەپێدان.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە پارێزگاری بابل عەدنان فەیحان موسا کرد، و لە دیدارەکدا پێداچوونەوەیان کرد بە دەخی گشتی پارێزگاکە و بەرەوپێشچوونی بەرنامەی حکومەت لەسەر ئاستی پارێزگاکە و بارودۆخی خزمەتگوزاری و ژیان بەگشتی و هەروەها ئەو پرۆژانەی کە لە قەزا و ناحیەکانی بابل جێبەجێ دەکرێن.

بە گوێرەی بەیاننامەکە، سودانی جەختیکردەوە: لە گرنگی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی پلان و پرۆژەی ژێرخانی پەسەندکراو لە سەرانسەری کەرتە خزمەتگوزاری و پیشەسازییە جیاوازەکاندا، کە یارمەتیدەر دەبێت بە باشترکردنی دەخی ئابووری پارێزگاکە و جێبەجێکردنی خواستەکانی هاووڵاتیان.

سەرۆك وەزیران ئاشیگەیاند: بابل یەکێکە لە پارێزگا گرنگەکان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییە ستراتیژییەکەیەوە، ئەمەش پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە بە تەواوکردنی پرۆژە ستراتیژی و گەشەپێدانەکان بە بەدیهێنانی دەرفەتی زیاتری گەشەپێدان.